# شەونم

## هۆنراوەی (9)

باغ مرا چه حاجت سرو و صنوبر است

باغم چ ئیحتیاجی بە سەرو و سنەوبەرە
باڵا نەمامی من گوڵی پیرۆزە سێبەرە
ئەی گەنجی نازەنین ئەرێ تۆ مەزهەبت چییە
خوێنم لەلات حەڵاڵە , مەگەر ئاوی کەوسەرە
هەر کاتێ هەستی خەم دەکەی ئەودەم بخۆوە مەی
دەرمانی ژانی ژین و کەیف هێن و خەمبەرە
من سەر لە دەرکی پیری موغان بۆچی دانەنێم
دەوڵەت لە خانەقای ئەوە , حورمەت لەوێندەرە
لای ئێمە هەر شکستە دڵی لێ دەکڕن و بەس
بازاری خۆفرۆشی نییە ئێرە , ئەوبەرە
دوێ قەولی وەسڵی دا بە سەری پڕ شەرابەوە
ئەمڕۆکە ئاخۆ چی تری تێدایە ئەو سەرە
تەنیا قسێکە باس و هەواڵی ئەوین , کەچی
لە زمانی هەرکەسی دەبیەم , نابەرابەرە
بێرۆ لە دووری تۆ گوڵەکەم ,چاوی چاوەڕێ
وەك گوێچکی ڕۆژوەوان بەرەو الله ئەکبەرە
شیراز و ئاوی روکنی و با فێنك و خۆشەکەی
وەك خاڵی کوڵمی بووکی خشڵ زێڕ و زەمبەرە
ئاوی خدر لە تاریکییایە , حەدی چییە
سەرچاوەی ئاوی ئێمە لە الله ئەکبەرە
من ئابڕووی قەناعەت و فەقرێ چلۆن دەبەم
بێژن بە شا , بڕاوەتەوە جیرە لەو سەرە
پێنووسی تۆ چ شاخە نەباتێکە حافزا
وا چێژی میوەکانی دەڵێی شەهد و شەککەرە

**حافزی حەقیقی**